# چرۆی شیعر

سیروان بابەعەلی
مانهاییم 12 ئۆکتۆبەر 2007

منیش جار جار؛
لە "زەمەند" ی تەنهاییمدا،
لەناڵەی هەوری خەیاڵ و
کۆرژنی ئەسپی ناسۆرم
"دومەڵان" ی شیعر دەردێن!
منیش جار جار؛
تەزووە شیعر
وەك برووسکە،
بەقەدمدا هەڵدەگەڕێ و
بەنێو لق و پەل و سەرپەل ی گیانمدا،
بەدیار چاوی پێڵووەگەڵای ڕازەکاندا
تێدەپەڕێ و
لەسەری پەنجەکانمەوە
چرۆدەکات!
بۆیە ئەویش هەروەک خۆمە،
دڵ و ئاوەز دەبیزوینێ؛
لایەک "ڕەوان" ی تەی دەکاو
لایەک ژێی "نەست" ی دەردێنێ!
من دەزانم؛
کە شیعرو من و خامە
یەك هەرەمە هاوکێشەین،
کاتێک شیعر؛
لەنێو نەستمدا ژان دەگرێ و
لەهێلکەی هەستم دەترەکێ،
ئەوسا، منیش؛
سرووش لە "ڤینۆس" وەردەگرم،
لەڕێگەی فریشتەی پێنووس
وەک دەقێکی پیرۆزکراو
بەهێمای سوور
دەینێرمە نێو دڵی پەڕاو!

کۆتایی